دوو پیاو لە هاوەڵان لە لای پێغەمبەرەوە دەرچوون -صلى الله عليه وسلم- لە شەوێکی تاریکدا ودوو شتیان لەگەڵدا بوو لە نێو دەستیان وەکو چرا وابوو

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «دوو پیاو لە هاوەڵان لە لای پێغەمبەرەوە دەرچوون -صلى الله عليه وسلم- لە شەوێکی تاریکدا ودوو شتیان لەگەڵدا بوو لە نێو دەستیان وەکو چرا وابوو، وکاتێک لە یەکتر جیابوونەوە؛ هەر یەکێکیان دانەیەکی لەگەڵدا بوو هەتا گەیشتنەوە ماڵ».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە باسی کەرامەت وڕێزلێنانێکی تایبەت بۆ دوو هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات، ولە هەندێک گێڕانەوەدا هاتووە کە ئەو دوو کەسە: عەبادی کوڕی بیشر وئوسەیدی کوڕی حوزەیر بوون -ڕەزای خوایان لێبێت-. کاتێک ئەم دوو هاوەڵە لە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوون لە شەوێکی زۆر تاریکدا کە مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی شوێنی ڕێکردنی ببینێت؛ خوای گەورە کەرامەتێکی تایبەتی وسەیری پێیان بەخشی؛ ئەویش ئەوە بوو لە پێشیانەوە ڕۆشناییەک دەرکەوت وەکو ڕۆشنایی گڵۆپی کارەبایی کە ڕێگاکەی بۆیان ڕۆشن دەکردەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن ڕێگای ماڵەوە بدۆزنەوە، وکاتێک لە یەکتر جیا بوونەوە؛ هەریەکیان ڕۆشناییەکی لەگەڵدا بوو هەتاوەکو بەدڵنیایی وئاسانی گەیشتنە ماڵەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3466